

# کێ خەڵاتی تۆپی زێڕین وەردەگرێ؟

وڵاتی ئیسپانیا زیاترین پاڵێوراوی هەیە لە نێو لیستی باشترین یاریزانانی جیهانی کە لە (٣٠) یاریزان پێکهاتووە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی تۆپی زێڕین ساڵانە لە لایەن گۆڤاری فرانس فوتبۆڵی فەرەنسی ئەنجام دەدرێ، ئیسپانیا بە (٦) یاریزانی ناوەخۆ و (١٣) یاریزانی دەرەکی بەشداری دەکات و بەرازیل بە (٥) یاریزان و فەرەنسا و ئینگڵتەرەش بە چوار یاریزان بەشداری دەکەن و هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا لەو لیستە بێبەش بووینە، ئەمەو ناوی باشترین یاریزان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی تۆپی زێڕین لە یەکی کانوونی یەکەم ئاشکرا دەکرێت، چاودێران وای بۆ دەچن کە ئەمساڵ یاریزانی ئەرژەنتینی و یانەی بەرشلۆنە لیونێل میسی ببێتە جێگرەوەی پورتوگالی یاریزانی یانەی ریال مەدرید کریستیانۆ رۆناڵدۆ کە لە وەرزی رابردوو بەدەستیهێنا لە ریزی یانەی مانچستەر یۆنایتد یاری دەکرد، میسی دەڵێ: من توانیم هاوکاری بەرشلۆنە بکەم بۆ بە دەستهێنانی (٣) نازناوی مەزن و بە (٩) گۆڵ توانیم نازناوی گۆڵکاری خولی یانەکانی ئەوروپا وەربگرم لە خولی ناوەخۆش توانیم (٢٣) گۆڵ تۆمار بکەم، هیوادارم ئەوانەی ئەو راپرسە ئەنجام دەدەن بە ویژدانەوە کار بکەن و من دەستنیشان بکەن گەر نا هەموو یاریزانەکانی بەرەشلۆنە شایستەی ئەم خەڵاتەن، جێگەی باسە هیچ یاریزانێکی ئەرژەنتینی تا ئێستا ئەم خەڵاتەی وەرنەگرتووە ئەمەو ئەوەی چاوەڕواننەکراو بوو لە (٣٠) یاریزان هیچ یاریزانێکی ئیتاڵی و ئەڵمانی تێدا نییە، بەڵام هەندێك یاریزانی تێدایە لەم دوو خولە یاری دەکەن، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئیتاڵیا (جانکار لوبیبتی) گوتی: ئەمە لێدانێکی توند بوو لە کەسایەتی تۆپی پێی ئیتاڵیە و دەبێ لە دوا رۆژ چارەسەرییەکی گونجاوی بۆ دارێژرێن.

لیستی ناوەکانی ئەو یاریزانانەی کە پاڵێوراون بۆ بە دەستهێنانی خەڵاتی تۆپی زێڕین

- ئەرشاڤین (هەڵبژاردەی رووسیا –ئەرسناڵ)
- کەریم بنزیمە ( هەڵبژاردەی فەرەنسا – ریال مەدرید)
- ئیکەر کاسیاس ( هەڵبژاردەی ئیسپانیا – ریال مەدرید)
- کریستیانۆ رۆناڵدۆ ( هەڵبژاردەی پورتوگال – ریال مەدرید)
- درۆگبا ( هەڵبژاردەی ساحل ئەلعاج – چێلسی )
- دزیکۆ ( هەڵبژاردەی بۆسنە – ڤۆلسڤۆرگ ئەڵمانیا )
- ئیتۆ ( هەڵبژاردەی کامیرۆن – ئەنتەر میلان)
- فابریگاس ( هەڵبژاردەی ئیسپانیا – ئەرسناڵ )
- فۆرلان ( هەڵبژاردەی ئۆروگوای – ئەتلتیکۆ مەدرید)
- جیرارد ( هەڵبژاردەی ئینگلتەرە – لیڤەرپوول)
- گیگز ( هەڵبژاردەی وێلز – مانچستەر یۆنایتد)
- گۆرکۆف ( هەڵبژاردەی فەرەنسا – بۆردۆ )
- تێری هینری ( هەڵبژاردەی فەرەنسا – بەرشلۆنە )
- ئیبراهیمۆڤیچ ( هەڵبژاردەی سوید – بەرشلۆنە )
- ئەنێستا ( هەڵبژاردەی ئیسپانیا – بەرشلۆنە)
- خۆلیۆ سیزار ( هەڵبژاردەی بەرازیل – ئەنتەر میلان)
- ریکاردۆ کاکا ( هەڵبژاردەی بەرازیل – ریال مەدرید)
- فرانك لامپارد ( هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە – چێلسی )
- مایکۆ ( هەڵبژاردەی بەرازیل – ئەنتەر میلان)
- لیونێل میسی ( هەڵبژاردەی ئەرژەنتین – بەرشلۆنە)
- لویس فابیانۆ ( هەڵبژاردەی بەرازیل – ئیشبیلیە)
- فرانك ریبیری ( هەڵبژاردەی فەرەنسا – بایرەن میونیخ)
- واین رۆنی ( هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە – مانچستەر یۆنایتد)
- جۆ تێری ( هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە – چێلسی )
- نیمانیا ڤیدتیچ ( هەڵبژاردەی سربیا – مانچستەر یۆنایتد)
- زاڤی ( هەڵبژاردەی ئیسپانیا – بەرشلۆنە)
- یایا تۆرێ ( هەڵبژاردەی ساحل ئەلعاج – بەرشلۆنە)

جێگەی باسە ئەم خەڵاتە لە ساڵی (١٩٥٦) تەرخانکراوە ئەمەو هەر سێ یاریزان فەرەنسی میشێل پلاتینی و هەردوو هۆڵەندی یۆهان کرۆیف و مارکۆ ڤان باستن هەر یەکەو سێ جار ئەم خەڵاتەیان وەرگرتووە پلاتینی لە ساڵەکانی ( ١٩٨٣ – ١٩٨٤ – ١٩٨٥) و یۆهان کرۆیف لە ساڵەکانی ( ١٩٧١ – ١٩٧٣ – ١٩٧٤ ) و مارکۆ ڤان باستن لە ساڵەکانی ( ١٩٨٨ – ١٩٨٩ – ١٩٩٢ ).

## فێرگسۆن سەرسامە بە ئاستی گۆڵچی سیسکا مۆسکۆی رووسی



دوای ئـەوەی هەردوو یانەی مانچستەر یۆنایتد و سیسکا مۆسکۆی رووسی لەمیانی یارییەکانی خولی پاڵەوانانی ئەوروپا رووبەرووی یەکتر بوونەوە و یارییەکەش بە ئەنجامی (٣-٣) گۆڵ بۆ هەردوو یانە بە کۆتاهات، دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە راهێنەری یانەی مانچستەر یۆنایتد سیر ئەلێکس فێرگسۆن لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەنووسان گوتی: هیچ بایەخێك بە گۆڵچی یانەی سیسکا مۆسکۆ ئیگۆر ئەکنفیف نادەین، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم ئیگۆر گۆڵچیەکی زۆر بە توانایە و ئاستێکی یەکجار بەرزی لە یارییەکە نیشاندا و یانەی سیسکا مۆسکۆی لە دۆرانێکی یەکجار گەورە رزگار کرد دوای ئەوەی چەندین تۆپی مەترسیداری دوورخستەوە.

دوای ئەم لێدوانانی فێرگسۆن رۆژنامەکانی ئینگلیزی پێشبینی دەکەن دوای ئەوەی گۆڵچی ئێستای مانچستەر یۆنایتد ڤان دێر سار واز لە یاریکردن دەهێنێت یانەی مانچستەر یۆنایتد بۆند لەگەڵ ئیگۆر مۆردەکات بۆ ئەوەی ببێتە جێگرەوەی ڤان دێر سار.

# فرانک لامپارد:

# رکابەرێکی بەهێزین بۆ بە دەستهێنانی مۆندیالی ٢٠١٠

یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی چێڵسی و هەڵبژاردەی ئینگلتەرە فرانك لامپارد لە لیدوانێکیدا ئاواتی خواست کە بتوانی یاری ژمارە ( ١٠٠) لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی ئەنجام بدات، لامپارد یەکەم یاری پێش (١٠) ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دژی بەلژیکا ئەنجامداو یاری ژمارە (٧٥)یشی دژی ئۆکرانیا ئەنجامدا، لامپارد دەیەوێ لە (١٠٠) مین یاری بتوانێ نازناوی مۆندیالی (٢٠١٠) بباتەوە کە لە (١١-٦) دەست پێ دەکات و لە (١١-٧) کۆتایی پێ دێت، زیاتر گوتی من بڕوام نەدەکرد بتوانم ئەو ژمارەیە یاری بکەم خۆشحاڵم کە تا ئێستا (٧٥) یارییم ئەنجامداوە، ئەمەو لە درێژەی قسەکانی گوتی: ئەم (١٠) ساڵە وەکو تیژی مووشەك رۆیشت و هەوڵ دەدەم زیاتر پێشکەش بکەم گەر توانیم کۆی یارییەکانم بگەینمە (١٠٠) یاری ئەوە شتێکی خۆشحاڵ دەبێ لە ژیانی وەرزشیم، لامپارد کە لە قوتابخانەی وێستهام دەرچووە و لە ریزی یانەی چێڵسی ئاستی زۆر بەرزە، بەڵام لە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی دڵخۆش نییە لەگەڵ یاریزان ستیفن جیرارد و گۆڵەکانی نێودەوڵەتی زۆر کەمترە لە گۆڵەکانی یانەکەی، ئەمەو لە لایەکی دیکەوە لامپارد ئەوەی رەتدکردەوە کە ئەم هەڵبژاردەیە بە نەوەی زێرین ناوزەند بکەن و گوتی: ئەم ناوە بۆ ئێمە نابێ چونکە پێشتر بە هەڵبژاردەی ئینگلتەرە گوتراوە کە نازناوی مۆندیالی (١٩٦٦) ی بردەوە و مافی خۆیانە بە نەوەی زێرین ناوزەند بکرێن لەبەر ئەوەی توانیان جامی مۆندیال بەرزبکەنەوە بە سەرۆکایەتی چەندین یاریزانی ناودار بوو لەوانە بۆبی مۆر و تشارڵتۆن و جیمی گریگز و ئەوانی دیکە، هەروەها گوتی: ئەم ناوە زۆر لەسەرمان دەوەستێت راستە ئێمە هەڵبژاردەیەکی باشمان هەیە و خاوەن چەندین یاریزانی بە تواناییین لەوانە واین رۆنی و ستیف جیرارد و جۆن تێری، بەڵام نەمانتوانیووە ئەوەی پێویستە بە دەستی بهێنین و نابێ ئەوەش لەبیر بکەین لە یۆرۆی (٢٠٠٨) بێبەش بووین، لامپارد زیاتر گوتی: ئێستا ئێمە رکابەریەکی بەهێز لەسەر مۆندیال دەکەین و هەلی زێڕینمان لەبەر دەستدا و ئێمە لە مۆندیالەکانی (٢٠٠٢-٢٠٠٦) باشترین، لە کۆتایشدا گوتی: ئێمە وەکو یەك خێزان یاری دەکەین و خاوەن چەندین یاریزانی باش و خاوەن ئەزموونین کە پێشتر بەشدارییان لە مۆندیالەکان کردووە و دەبێ بسەلمێنین کە ئێمە شایستەی نازناوەی هاوینەی داهاتووین.




# کیسۆکی هۆندا: ئاواتم ئەوەیە ببمە یەکەمین یاری



یاریزانی ژاپۆنی کیسۆکی هۆندا لە یانەیەکی پلە دووی هۆڵەندی بە ناوی یانەی فینك یاری دەکات و بە ئاستی بەرزی جەماوەری وەرزشی ئەو شارە ناچار کرد کە بە بەردەوامی ئامادەی یارییەکان و مەشقی یانە بن لە نێو یاریگا کە دەکەوێتە سەرسنووری ئەڵمانیا، کیسۆکی لە ماوەی هەشت هەفتە توانی پێنج گۆڵ تۆمار بکات و هەر کاتی ئەم یانەیە یاری دەکات زۆر لە یانەکانی جیهانی چاودێری دەکەن بۆ هەڵسەگاندنی ئەم یاریزانە واش چاوەڕوان دەکرێ لە وەرزی داهاتوو کێبرکێ لەسەر ئەم یاریزانە بکرێ بۆ ئەوەی بۆندی لەگەڵ مۆربکەن، ئەم یاریزانە ئێستا باشترین یاریزانی خولی یانە پلە دووەکانی هۆڵەندەیە، سوپەر وەکو کاری هەمیشەیی هەوڵ دەدات لەگەڵ باشترین یاریزان دیمانە بکات، ئێمە لەبەر گرنگی و دوا رۆژی ئەم یاریزانە بە پێویستمان زانی بڵاوەی بکەینەوە.

# ـــزانی ژاپۆنی لە یانەی ریال مەدرید یاری بکەم



*** ئایـــا تـــۆ زمانی ئیســـپانی دەخوێنیت؟**

- نەخێر، هێشتا کات ماوە تەنیا چەند وشـــەیەك نەبێ فێربوویمە ئەویش لـــە بـــرا گەورەکەم کە ماوەی دوو ســـاڵ و نیوە لـــە ئەرژەنتین یـــاری دەکرد پێش ئەوەی بە هـــۆی پێکانەوە واز بێنێ.

*** چۆن گەیشتیە هۆڵەندە؟**

- راهێنەری ئێســـتام جان ڤان دیك کە بە تەواوی ئاست و ژیانی منی لە راهێنەری پێشووم فێرگوسین وەرگرتبوو کە لە یانەی ناگۆیا گرامیۆس راهێنەرم بـــوو، ئەوە بوو ڤان دیك پێشـــنیاری کرد کە بچم بۆ یانەی فینـــك و تاقیکردنەوە ئەنجام بدەم و لە تەمموزی (٢٠٠٨) بۆندم لەگەڵیاندا مۆرکرد.

*** ئەو نهێنیە چی بوو کە لە ماوەی ساڵێك توانیت ببیتە ئەستێرەیەك لە خولی هۆڵەندە؟**

- من کەســـێکی خاوەن بەهرە و بەهێز نیم، ئەوەبوو ئاســـتی جەماوەرم بە زانســـت و یاریکردن بۆخۆم راکێشـــا و هەوڵ دەدەم بە بەردەوامی لە گشـــت یارییەك ئەوەی لە توانام هەبێت پێشکەشی بکەم و لای من گرنـــگ نییە لەگەڵ کێ یاری بکەم و رکابەرەکەشم هەر کێیەك بێت، من خۆشحاڵ و سەر بەرزم لە یانەیەکـــی وەکو فینك یاری دەکەم، لێرە خۆشـــمیان دەوێ و هانم دەدەن و منیش سەرسامم بە خۆشەویستی ئەم جەماوەرە.

*** راهێنەری هەڵبژاردەی ژاپۆنی تۆیی بە ئاست بەرزی نەدیووە و مۆندیالی (٢٠١٠) لە باشووری ئەفریقیاش نزیکبووە؟**

- یاریکردن لە مۆندیال خەونێکی جوانە و گشـــت یاریزانێك بەو ئاواتەیـــە، من باوەڕ و متمانەیەکی تـــەواوم بە خـــۆم هەیە و واش بـــۆی دەچم کە یەکێك بم لە جۆهانســـبێرگ، بۆیە زۆر خۆم لە مەشقەکان ماندوو دەکەم و کاتیش هێشتا مـــاوە و دەبێ من بتوانـــم راهێنەر رازی بکەم ئینجا بـــۆ ریزی هەڵبژاردەی ژاپۆن بانگهێشتم بکات، ئاواتی هەموو یاریزانێك یاریکردنە لە مۆندیـــال چونکە جیهان بە گشتی سەیری ئەم پاڵەوانیەتیە دەکات.

*** هەست بەوە دەکەی کە ناوبانگت هەیە و ناسراوی و خەڵك لە شەقامەکان دەتناسێت؟**

- خۆشحاڵم بە ناسین و خۆشەویستی جەماوەر، بەڵام ئەمە کار ناکاتە سەرم و بیریشی لێناکەمەوە و هەمـــوو هۆش و بیرم تەنیا لە تۆپی پێیە، نابێ ئـــەوەش لەبیر بکەین من زۆر خۆشـــحاڵ دەبم کە یەکێك داوام لێبکات وێنەم لەگەڵدا بگرێ.

*** ئیتاڵیا و ئینگڵتەرە و ئەڵمانیا وئیســـپانیا، کام لەم وڵاتانە لەبیرو هۆشی تۆیان دایە؟**

- بە تەئکید ئیســـپانیا و بە تایبەتیش یانەی ریال مەردید و زۆریش بە یاریزان زیدان سەرســـام بووم و یاریزانێکی ئاوا دووبارە نابێتەوە و زۆر خۆشـــم دەوێ و بەردەوامی ســـەیری یارییەکانیم دەکرد و بە هیوای ئەوەم لەســـەر ئاستی ئەو بڕۆم و بچمە یانـــەی ریال مەدرید و ئـــەوە خەونی منە چونکە زۆر ئەســـتێرەی گەورەی تێدایە هێشتا کات ماوە و بە زەردەخەنیەوە گوتی: دەمەوێ ببمە یەکەمین یاریزانی ژاپۆنی درێسی یانەی ریال مەدرید لەبەر بکەم.

*** لەسەر بەرشلۆنە چی دەڵێیت؟**

- درۆت لەگەڵدا بکەم پێت دەڵێم بەرشلۆنەم خۆش نـــاوێ بۆیە هیـــچ کاتێك بیری لـــێ ناکەمەوە، یانەیەکی زۆر باشـــە لە هەموو لایەکەوە و وەرزی پارســـاڵ شایەتی حاڵی قسەکانمە، تۆپی پێیەکی جوان دەکەن و خاوەن ئەســـتێرەی بەناوبانگی وەکو میســـی و ئیبراهیمۆڤیـــچ و چەندیـــن یاریزانی دیکەن، زۆر سەرســـامم بە هەردوو یاریزان زاڤی و ئەنێســـتا، بۆیە دووبارە دەڵێمەوە من ریاڵ مەدریدم خۆش دەوێ رای خۆم ناگۆڕم.

*** کام خول لە ژاپۆن جەماوەری زۆرتر هەیە؟**

- خولی ئیسپانیا و من لای خۆم زۆرم خۆش دەوێ و گەورەترین و بەهێزترین خولە لە جیهان نموونەش بۆ قســـەکانم بوونی هەردوو یانەی ریال مەدرید و بەرشـــلۆنە لەم خولە، ئێستا ریال مەدرید پێویستی



بە هەندێ کات هەیە و ئێستاش بەرشلۆنە لە ریال باشترە، ســـەرتای خولە نابێ پێی هەڵبخەڵەتێین دەبـــێ چاوەڕوانی ئەســـتێرەکان کاکا و رۆناڵدۆ و ئەلۆنســـۆ و بنزیمە بکەین و واشـــی بۆ دەچم کە نازناوی وەرزی ئەمساڵ لە بەرشلۆنە وەربگرنەوە.

*** چیت لە خولی ئیسپانیا خۆش دەوێ؟**

- ئاســـتی یاریکردن کە لە خولەکانی ئینگلیزی و ئیتاڵـــی بەهێزتـــرە و ئەو خولـــە بەهێزتر دەبێ دوای پەیوەندیکردنـــی چەندین یاریزانی ناودار بە یانەکانی ئیســـپانیا، لە ناخـــی دڵمەوە حەز دەکەم ئێستا لە خولی ئیسپانیا بام، بەڵام قسەی کۆتایی لای من نییە.

*** کاتی پشـــووی زســـتانەت لە ئیتاڵیا بەســـەر دەبەیت؟**

- لەوانەیـــە گەر خولی فینك تا زســـتان بەردەوام بێت.

*** دەکرێ بزانین لە مانگی ئەیلولی داهاتوو ئەم یانەیە بە جێ دەهێڵێت؟**

- باش دەزانم زۆر لـــە یانە گەورەکان گرنگی بە مـــن دەدەن و دەیانەوێ بۆندم لەگەڵدا مۆربکەن و تا ئێستاش هیچ بۆندێکی شایستەم بۆ نەهاتووە، گرنگ لای من یانەی ئێســـتامە گەر هاتوو لە ئەیلولی داهاتوو بۆندم بۆ هات بیری لێ دەکەمەوە و بە پارەیەکی کەم ناچمە هیچ یانەیەك ئەویش بۆ پاراستنی وەرزی تۆپی پێی بۆندم بۆبێت چونکە ناتوانم لەو کاتە کەمەدا ئاستی خۆم نیشان بدەم و لە کەش و هەوای ئەو وڵاتە رابێم.

## ڕاهێنەری یانەی ئارارات

# هیچ کاتێک نەبوویمە بەربەست بۆ ئەوەی ڕاهێنەرەکانی پێشوو سەرکەوتوو نەبن

**فەرحان جەبار یەکێك لە ڕاهێنەرە بە تواناکانی شاری هەولێر و توانیویەتی لەگەڵ یانەی ئارارات وەکو ڕاهێنەر چەندین ئەنجامی بەرچاو بەدەست بهێنێ، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٤ی شاری هەولێرو دەرچووی ئامادەییە جگە لە ڕاهێنەرایەتی چەندین پۆستی تر هەبووە لە یانەی ئارارات ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

**دیمانە :کارزان کانەبی**
Karzan_kanabi@yahoo .com



*** چۆن خۆتان ئامادەکردوە بۆخولی کوردستانی ئەمساڵ؟**

- بەراستی ئێمە بەشێوەیەکی باش لەگەڵ یاریزانان لەسەر یاریگای خۆمان مەشقەکانمان ئەنجام داوە و چەندین یاری دۆستانەشمان ئەنجامدا بۆدۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی یانەکەمان ئێستاش لە خولی کوردستان ئاستمان باشەو یاریزانەکان هەموویان لەوپەڕی ئامادەباشیدان.

*** هۆکاری چ بوو ئەو پۆستەت وەرگرت ؟**

- لەسەرداوای کاك ئیمداد بارزانی و چەند برادەرێك لە دەستەی کارگێڕی یانەی ئارارات کەماوەی چەند ساڵێکە چەندین ڕاهێنەری دەرەوە و ناوەیان هێناوە ئەنجامیان وەکو پێویست نەبووە منیش لەسەرپەرشتیاری یانەوە بووەمە ڕاهێنەری یانە هیواداریشم بتوانم یانەی ئارارات بگەڕێنمەوە دۆخی جارانی خۆی.

*** ڕاستە چەند بەرپرسێکی یانەی ئارارات لە زۆر شوێن گوتیانە ئێمە هەوڵی لاوازکردنی فەرحان جەبار دەدەین بۆئەوەی ئەنجامی باش نەبێت ؟**

- ئەم قسانە ڕەنگە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نەبێت، واقیع ئەم شتانە دەسەلمێنێ ئەگەر شتی وەهاش هەبێت، ئێمە پشتمان بەخوای گەورە و دەستەی کارگێڕی و یاریزانان دەبەستین بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنین.

*** قسەوباس هەیە لە نێوەندە وەرزشییەکان، دەڵێن هەر ڕاهێنەرێك ببێتە ڕاهێنەری یانەی ئارارات فەرحان ناهێڵێت سەرکەوتوو بێت تاچەند ئەم قسانە ڕاستە؟**

- دەتوانی ئەم قسەیە لە ڕاهێنەرەکانی پێشوو بپرسی بزانە کێ ئیشی بۆکردوونە و کێ یاریزانی بۆهێناینە و کێ ڕێزی گرتوون، من هیچ کات نەبوویمە بەربەست بۆئەوەی نەهێڵم ڕاهێنەری یانە سەرکەوتوو بێت.

*** بۆچی زۆرجار دەبینین کە تۆ دەبیتە ڕاهێنەری یانە هەموو یاریزانە بەتواناکان لە دەوری تۆ کۆدەبنەوە ؟**

- ئەمە دەگەڕێتەوە سەر متمانەی ئەوان بەمن و ڕاستگۆیی نێوان هەردوو لامان.

*** بۆچوونی تۆ چییە لەسەر هێنانانی یاریزانی عەرەب ؟**

- بەڕای من کارێکی باش نییە گرنگی بەیاریزانی کورد بدرێت باشترە و هەلی بۆ بڕەخسێنی بۆئەوەی بتوانی ئەنجامی باش بەدەست بهێنێ.

*** لە خولی برایەتی جامەکەت بەدەستهێنا ئەی بۆخولی کوردستان چی دەڵێی؟**

- بە هەوڵ و کۆششی یاریزانان ئاستمان لە خولی کوردستان باش دەبێت و دەتوانین ئەنجامی باش بەدەست بهێنین.

*** بۆچی چەند ساڵە بەشداری خولی عێراق دەکەن، ئاستتان وەکو پێویست نییە؟**

- بەراستی ئەوە بۆ دەستەی کارگێڕی دەگەڕێنمەوە ڕەنگە لەمە کەمتەرخەم بین، لەبەر ئەوەی چەندین یاریزانی خۆمان هەیە بۆیانەکانی تر لە خولی عێراق یاری دەکەن، ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ کێشەی دارایی.

*** ئەمساڵ لە خولی کوردستان وەکو میوان بەشدار دەبن یان ڕکابەری لەسەر نازناوەکە دەکەن ؟**

- پەنا بەخوا لە چوار تیپە یەکەمەکان دەبین.

*** کێشە وگرفتتان چیە ؟**

- دەتوانم بڵێم هەندێك یاریزان بەڵێنیاندا بۆ ئەوەی بێنە ریزی یانەکەمان، بەڵام نەیانتوانی بێن و ڕەنگە ئەم جۆرە کارانە کێشەمان بۆدروست بکات

*** بۆچی زۆر جار لە زۆر شوێنیش دەڵێی هیچ سودێکم لە یانەی ئارارات نەبینیە؟**

- بەڵی ئەمە شتێکی واقعیە دەتوانی ئەمە لە یانەی ئارارات بپرسی تائێستا هیچ شتێکم وەرنەگرتیە وەکو یانە تەنیا مووچەم هەیە هیچ سوودمەند نەبویمە

## لیڤەرپوول بە رۆیشتنی ئەلۆنسۆ لاوازبوو




دوای ئەوەی یاریزان زاڤی ئەلۆنسۆ لە یانەی لیڤەرپوول چووە یانەی ریال مەدرید، زۆربەی چاودێران پێشبینیان کرد کەوا یانەی لیڤەرپول بە رۆیشتنی ئەم یاریزانە هێڵی ناوەڕاستی وەك خۆی نامینێت، لەمبارییەوە یاریزانی یانەی لیڤەرپوول ستیڤن جیرارد لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەنووسان گوتی: دوای رۆیشتنی ئەلۆنسۆ هێڵی ناوەڕاستی یانەی لیڤەرپوول بە تەواوی تێکچوو و زۆر بەهێزە، ئەلۆنسۆ یارییەکی جیاوازی دەکرد لە یانەی لیڤەرپوول و ئێمە یەکێك لە باشترین یاریزانەکانی جیهان لە هێڵی ناوەڕاستمان دۆڕاند.

## میسی: جەزائیر سەردەکەوێت بۆ جامی جیهانی (٢٠١٢)

یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی لیۆنێل میسی لە لێدوانێکی رۆژنامەنووسیدا بۆ رۆژنامەی (سندای ئیندیبیندیت)ی باکووری ئەفریقیا سەبارەت بە یارییەکەی هەردوو هەڵبژاردەی میسر و جەزائیر لەمیانی یارییەکانی پالاوات بۆ جامی جیهانی (٢٠١٢) راگەیاند: وا پێشبینی دەکەم هەڵبژاردەی جەزائیر لەم یارییە سەرکەوتن بە دەستبهێنێت و سەربکەوێت بۆ جامی جیهانی، زۆر باورم بە هەڵبژاردەی جەزائیر هەیە چونکە لە یارییەکەی دۆستانە یاریم دژی هەڵبژاردەی جەزائیر کردووە ئاستێکی زۆر گەورەی نیشاندا لەم یارییە، بۆیە دوای کۆتایی هاتنی ئەم یارییە هەستم کرد کە دووبارە لە جامی جیهانی رووبەرووی یەکتر دەبینەوە و زۆر سەرسامم بە ئاستی یاریزانی هەڵبژاردەی جەزائیر نزیر بلحاج یاریزانێکی زۆر بە توانایە.

جێگای باسە هەردوو هەڵبژاردەی میسر و جەزائیر لە (١٤)ی ئەم مانگە رووبەرووی یەکتر دەبنەوە یارییەکەش لە پایتەختی میسر قاهیرە ئەنجام دەدرێت.

## رۆناڵدۆ مانگێگ لە یاریگا دووردەخرێتەوە

دوای ئەوەی یاریزان یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی پورتوگال کریستیانۆ رۆناڵدۆ تووشی پێکانێکی سەخت هات لە یاری نێوان هەردوو یانەی ریال مەدرید و مەرسیلیا فەرنسی لەمیانی یارییەکانی خولی پاڵەوانانی ئەوروپا، دواتر لەگەڵ هەڵبژاردەی پورتوگال دژی هەڵبژاردەی هەنگاریا یاری کرد لە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٢ بۆیە پیکانەکەی سەخت تر بوو و نەشتەگەرێکی ئەنجام دا کە ماوەیەکی زۆر لە یاریگا دوورکەوتەوە، بەڵام رۆژنامەی مارکای ئیسپانی هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە لەسەر زاری دەکتۆری یاریزانی ناوبراو میلارگۆ کە پێکانی یاریزان کریستیانۆ باشتر نەبوو، بە پێچەوانەوە بەرەو خراپی دەروات رەنگە بۆ ماوەی مانگێکی تر نەتوانێ یاری بکات، ئەگەر نەشتەرگەری بۆ ئەنجام بدرێت ئەوە زیاتر لە مانگێگ لە یاری دوور دەخرێتەوە، بەمەش گرانترین یاریزانی جیهان کریستیانۆ رۆناڵدۆ ناتوانێ بەشداری لە یاری کلاسیکۆی جیهان بکات دژی یانەی بەرشەلۆنە.




## مایکۆن بۆ فرۆشتن نییە

یاریزانی یانەی ئەنتەر میلانی ئێتالی و هەڵبژاردەی بەرازیل مایکۆن لە یانەکەی ئاستێکی یەکجار بەرز نیشان دەدا و چاودێران بە یەکێك لە باشترین یاریزانەکانی جیهان دادەنێن لە باڵی چەپە ئەمەش بۆ ئەم ئاستە بەرزی دەگەرێتەوە زۆربەی رۆژنامەکانی ئەوروپی پێشبینی دەکەن ئەمە دواین وەرزی مایکۆن دەبێت لەگەڵ یانەی ئەنتەر میلان، بۆیە بەرێوەبەری کارەکانی مایکۆن ئەنتۆنیۆ کالیدۆ راگەیاند: مایکۆن یاریزانێکی زۆر بە توانایە و بە نیازی نییە بچێتە یانەی مانچستەر سیتی و بیر لە مانەوە دەکات لە یانەی ئەنتەر میلان بۆ ئەوەی بتوانێ خولی ئیتاڵیا و خولی پاڵەوانانی ئەوروپا بە دەستبهێنێت، ئەنتەر میلان مایکۆنی دروست کرد، بەڵام گەر هەردوو یانەی ریال مەدرید و مانچستەر یۆنایتد بۆندیان پێشکەش بەم یاریزانە کرد ئەوە سەیری بۆندەکان دەکەین.